# چەند ڕاستییەك دەربارەی هەڵبژاردنە نیشتیمانییەکانی عیراق

**٢ی ئاداری ٢٠١٠**

**عیراق لە ٧ی ئاداری ٢٠١٠ هەڵبژاردنی نیشتیمانی ئەنجام دەدات. بڕیاریش وایە دەنگدانی دەرەوەی وڵات لە ٥ تا ٧ی مانگ لە ١٦ وڵات ئەنجام بدرێت. دەنگدانی تایبەت لە ٤ی مانگ دەبێت بۆ بەدیهێنانی پێویستییە تایبەتییەکانی وەك هێزەکانی ئاسایشی عیراقی و بەدەستبەسەران و نەخۆشی نەخۆشخانەکان.**

یونامی هەر بەردەوامە لە یارمەتییەکانی لەسەر ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی نیشتمانیی داهاتوو کە دەبێتە مایەی هێنانەدی پەرلەمانێکی تری تەواودیموکراتی هەڵبژێردراو. هەر لەمبارەوە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆنیش باوەڕی نەگۆڕی خۆی خستەروو کە هەڵبژاردنەکان "هەڵێکی مێژوویین بۆ عیراق و هەنگاوێکی گرینگیشن بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و هەروەك چۆن بەشداریش دەبن لە پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا بەرەو بەهێزکردنی سەربەخۆیی و شکۆمەندی عیراق."

**ماوەی بەرەو هەڵبژاردنەکان:**

ماوەی بەرەو هەڵبژاردنەکان چەند هەفتەیەکی پڕ لە دانوستانی بەخۆوە بینی و بێنەوبەرەی پەرلەمانی عیراقیشی سەبارەت بە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ درێژ کردەوە. یونامیش لە ڕێگەی ئامۆژگارییە تەکنیکییەکانی و هەوڵە میانگیرییەکانییەوە بە گرتنەخۆی نوسینگە بەڕێزەکانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرتیشەوە، یارمەتی پارتە سیاسییەکانی دا لەسەر گەیشتنیان بە ڕێککەوتن سەبارەت بە هەموارکردنە سەرەکییەکان. لە ئەنجامدا، یاسا هەموارکراوەکە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە دواییش لە لایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە پەسند کرا . لە ١٣ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩شدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ٧ی ئادری ٢٠١٠ەی کردە ڕۆژی هەڵبژاردن بە دواخستنێکی کەم لە ڕۆژی بڕیاردراوی مانگی کانونی دووەمییەوە.

سەرەڕای دواخستنەکانی یاسای هەڵبژاردنیش کەچی تۆمارکردنی قەوارە و هاوپەیمانییەکان هەر درێژەی هەبوو. تێکڕای ٦٥٢٩ پاڵێوراو بە نوێنەرایەتی ٨٦ قەوارەی سیاسی ناوی خۆیان وەك پاڵێوراو تۆمار کرد و هەمووشیان بەلەبەرچاوگرتنی پاشخان و پەیوەندییان بە حیزب بەعسی هەڵوەشاوەوە و ئەنجامدانی تاوانی شەڕەفەوە بە قوناغی تەتەڵەکردندا ڕۆیشتن.

نزیکەی ١٨.٩ ملیۆن عیراقی بۆ دەنگدان تۆمار کران. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نزیکەی ١٠٠٠٠ بنکەی دەنگدان لەسەرتاسەری عیراقدا دەکاتەوە کە هەر یەکێکیشیان یەك یان زیاتر شوێنی دەنگدانی تێدا دەبێ و بەمەش تێکڕایەکەی دەگاتە ٥٠٠٠٠. واش پێشبینی دەکرێت کە هەر بنکەیەکی دەنگدان خزمەت بە نزیکەی ٤٢٠ دەنگدەر بکات. نزیکەی ٢٠٠ تا ٣٠٠ هەزار نوێنەری سیاسی و چاودێری نیشتمانی لە هەڵبژاردن بەشداری دەکەن (چاودێریکردنی دەنگدان، بنکەکانی هەژمارکردن، بنکەی داتا) کە پێویستە بۆ هەر بنکەیەکی دەنگدان لە عیراق دابین بکرێت بۆ ئەوەی چاودێری بکرێت. لە لایەکی تریشەوە، نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ کارمەندی دەنگدان لە ڕێگەی تیروپشکێکی ئەلیکترۆنییەوە لە ناو ٥٠٠٠٠٠ فۆڕمی داواکارییەوە هەڵبژێردراون.

زیاتر لە ٣٠٠٠ گواستنەوەی وشکانی و ٢٠ گواستنەوەی ئاسمانی پلانیان بۆ دانراوە بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی هەڵبژاردن بەو پەڕی پلانی نهێنیپارێزییەوە کە لە لایەن "لێژنەی باڵای ئاسایش"ی سەر بە سەرەك وەزیرانەوە دانراوە. بە تێکڕاش، ٢٨ ملیۆن فۆڕمی دەنگدان بە ١٩ جۆری جیاوازەوە چاپکراون بە مەبەستی دەستەبەر کردنی دەنگدانی ئاسایی و پێداویستی تایبەت و نەهاتووەکان و دەنگدانی دەرەوەی وڵات و لە گەڵ دەستەبەرکردنی ١٠٠ هەزار سندوقی دەنگدان.

**دەوری یونامی:**

یونامی بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە ١٧٧٠ و دواییش بڕیاری ١٨٨٣(٢٠٠٩) ڕێگەی ئەوەی پێدراوە کە ئامۆژگاری و پاڵپشتی و یارمەتی پێشکەش بە حکومەتی عیراق و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکات لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاپرسیدا.

**یونامی تەرکیزی خستووەتە سەر راوێژی تەکنیکی** و بەهێزکردنی تواناسازی و گەشەپێدانی دامودەزگایی بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و لەسەرهەڵدانیش لە لای ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و حکومەتی عیراق و کۆمەڵگاکانی مەدەنی و قەوارە سیاسییەکاندا. یونامی کاری بۆ ئەوەش کرد کە بەئاسانکردنی رایە تەکنیکییەکانی لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی یاسای هەڵبژاردندا کۆڕاییەك لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا دروست بکات وەك لیستی کراوە و تێکڕی ژمارەی کورسییەکان و بەشە کورسی پارێزگایەکان و کەمینەنەتەوەکان و ژنان و برگە تایبەت چارەسەرئامێزەکان.

لە لایەکی تریشەوە، یونامی بە هاوکاری و پشتگیری هاوبەشکارەکانی سەرکردایەتی "تیمی جیهانی بۆ یارمەتی هەڵبژاردن" دەکات کە پێکهاتووە لە یونامی و یۆ ئێن دی پی و راوێژکارەکانی یونۆپس. "تیمی جیهانی بۆ یارمەتی هەڵبژاردن" ئەوپەڕی توانای خۆی دەخاتە کار بۆ پشتگیریکردنی ئەو پڕۆسانەی کە پەرە بە سەربەخۆیی و والایی و متمانەپێبوونی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەدەن. یونامی لەگەڵ هاوکارە سەرەکییەکانی بە بەردەوامی سەبارەت بە بوارە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی وەك یاساییبون و هەڵسوراندن و داتابێس و تۆمارکردنی دەنگدەران و گەیشتن بە دوور لە رێگەی راگەیاندن و وشیارکردنەوەی دەنگدەران و قەوارە سیاسییەکان و دیزاینی گرافیکەوە و بەڕێوەبردی فیڵد و پەیداکردن و گواستنەوە پشتگیری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کردووە. راوێژکارەکانی یونامیش لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دانراون بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و پشتگیری رۆژانەیان بۆ "دەستەی کۆمیسارەکان" و بەشەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ پێشکەشکردنی گەشەپێدانی دەزگایی درێژخایەن.

## خاڵە سەرەکییەکان:

- هەڵبژاردنی نیشتمانی لە ٧ی ئادار رووداوێکی گرنگە لە گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە عیراقدا چونکە دەبێتە مایەی رەخساندنی هەل بۆ چەندان ملیۆن عیراقی کە بتوانن مافی دەنگدانی خۆیان پیادە بکەن و حکومەتێك هەڵبژێرن کە ئایندەی وڵاتیان بۆ ماوەی ٤ ساڵی داهاتوو رەنگڕێژ بـکات. بۆیە ئەوە زۆر گرنکە کە هەموو هەوڵێك بخرێتە گەڕ لە پێناو دڵنیابوون لەوەی کە هەڵبژاردن بەشدارییی بەرفراوان و چەندی بشکرێ گشتگریی بەخۆیەوە ببینێت.
- هەڵبژاردنەکە لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی عیراقدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی ئامادە کردووە بۆ کەمکردنەوە هێزەکانی لە عیراقدا دەبێتە مایەی بەهێزکردنی شکۆ و سەربەخۆیییەکەی.
- **نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو رێگەپێدانەی نییە کە چاودێری هەڵبژاردنەکانی عیراق یانیش دەنگدانی دەرەوە بکات** بەڵکو زیاتر پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکییە بۆ حکومەتی عیراق و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. بە هەر حاڵ، **یونامی بە ناردنی تیمەکانی بۆ چەند شوێنی جیاوازی وڵات وەك چالاکی دروستکردنی متمانە کاری چاودێریکردنی خۆی بۆ دەنگدان هەر جێبەجی دەکات.**
- **ئەو سیاقەی ئاسایشییە و سیاسییەی** کە هەڵبژاردنی نیشتمانی تێدا ئەنجام دەدرێت گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ سەرخستنی تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە. هەروەها ئەوەش گرنگە کە دەنگدەر بتوانێ لە **کەشێکی ئارامی بێترس و توندوتیژیدا** دەنگی خۆی بدات و **پرۆسەی پێداچوونەوەی عیراقیش بۆ هەموو پاڵێوراوەکان بە شێوەیەکی واڵا و بێجیاوازی** و بە گوێرەی یاسای عیراقی پێوەرە جیهانییەکان گرنگییەکەی لەو کەمتر نییە.
- **عیراقییانی دەرەوەش دەتوانن مافی دەنگدانیان پیادە بکەن.** ئامادەکارییە تەکنیکییەکان بۆ **دەنگدانی دەرەوەی وڵات** ئێستا لە ئارا دایە. **وڵاتانی نەمسا و ئوستڕالیا و کەنەدا و دانیمارك و میسر و ئەڵمانیا و ئێران و ئەردەن و لوبنان و هۆڵەندا و سوید و سوریا و تورکیا و ئیمارات و بەریتانیا و ئێرلەندای باکوور و ئەمریکا** بۆ ئەنجامدانی دەنگدانی دەرەوە دستنیشان کراون لەلایەن ئەنجومەنی کۆمیسیاران. بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەی دەنگدانی دەرەوەی وڵات، یونامی راوێژکاری هەڵبژاردنی بۆ هەر یەك لەو وڵاتانە ناردووە. دەنگدانی دەرەوەی وڵات سێ رۆژی لەسەر یەك لە ٥ تا ٧ی ئادار دەبێت و تۆمارکردنی دەنگدەران و دەنگدانیشیان بەدوای یەکدا دێت.
- **کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەرپرسیارە لە رێکخستن و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عیراقدا نەك نەتەوە یەکگرتووەکان.** یونامی راوێژی تەکنیکی و تواناسازی و پشتگیریی دامودەزگا دروستکردن پێشکەش بە حکومەتی عیراق و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەڵبژاردنەکان بەگوێرەی پێوەری جیهانییەکان و باشترین جێبەجێکردنەکان بەڕێوە دەچێت.
- بۆ دڵنیابوون لەسەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانیش یونامی بەردەوام دەبێت لەسەر لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ "کۆمسیۆنی هەڵبژاردن"دا لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و ئامادەکارییەکانی هەڵسوڕاندندا. بە گوێرەی داواکارییەکانی یونامی و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش رێکخراوی یونۆپس پشتگیری پێشکەش

به تۆڕی چاودێرانی هەڵبژاردن کە ژمارەیان ٢٩ هەزار چاودێری سەربەخۆی نیشتمانین لە ڕێگەی ڕاهێنان و بەگەڕخستنەوە دەکات. زیاتر لە ٨٠ ڕێکخراوی جیهانی و نێردەی دیپلۆماسیش لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکان بانگهێشت کراون و تا ئەمرۆش ٢٠ نێردەی دیپلۆماسی گەیشتوونەتە جێ و ٤ ڕێکخراوی نێونەتەوەییش دیکۆمێنتی پێویستیان پێشکەش بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و کردووە. هەماهەنگیش بۆ ئەو چاودێرە نێودەوڵەتییانە لەڕێگەی چەند نوسینگەیەکی یەکییەتی ئەوروپاوە وەك بەشێك لە یارمەتی تەکنیکی بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێکخراوە.

- **هەڵمەتێکی پێکەوەیی بۆ وشیارکردنەوەی دەنگدەران لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ئەوپەڕی گرنگی هەیە** بۆ هاندانی بەشداربوون و دروستکردنی متمانە لە نێوان دەنگدەرانی ناوەوە و درەوەدا و هەروەها بۆ پێدانی زانیاری لەسەر تەواوی بوارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردندا بە دەنگدەران لەکاتێخۆیدا. لەمەش زیاتر، **دەوری ڕاگەیاندن** لە دڵنیابوون لە بێگەردی و ڕەوایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ناکرێ نادیدە بگیرێت.
- لێژنەی باڵای ئاسایشی **هەڵبژاردن پلانێکی تۆکمەی گشتگری بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن داناوە** لەگەڵ بەڕێوەبردنی پەیوەست چ لەپێش و چ لەدوای هەڵبژاردندا بەو پێیەی کە ئاسایش و ئارامی بۆ تەواوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پاڵپشتن.
- **ڕازیبون بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش بەردی بناغەی پرۆسەکەیە** و ئەنجامە فەرمییەکانیش لە لایەن بارەگای گشتی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی بەغدادەوە ڕادەگەیەندرێت کە هەموو ئەو دەنگەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەگرێتەوە. ئەنجامە کۆتاییەکانیش دوای تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی تەواو لە سکاڵاکان لە لایەن "دەستەی دادوەری هەڵبژاردن"ەوە ڕادەگەیەندرێن. **یونامی پشتگیریی کۆمیسیۆن هەڵبژاردن دەکات لە پیادەکردنی میکانیزمی سکاڵای توند و لەکاتیخۆیدا** بۆ دڵنیابوون لەوەی کە متمانەی ئەنجامەکان بە دواخستنی یەکالاکردنەوەی سکاڵاکان لەکەدار نەبووە.
- لەکاتێکدا وا پێشبینی دەکرێت کە ئەنجامە بەراییەکان لەڕۆژەکانی دوای ٧ی ئادار ڕابگەیەندرێن کەچی ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان کاتێکی زۆرتریان دەوێت. **بەگوێرەی دەستووری عیراقیش "دادگای باڵای فیدڕال" پێویستە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پشتڕاست بکاتەوە.**
- لە پێشکەشکردنی کورتەکەی لە ١٦ی شوباتی ٢٠١٠دا، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرچەندە عیراقییەکان پێ لەسەر نەگەڕانەوەی مەترسییەکانی ڕابردوو بەڵام **ئاگاداربون و بەشداربونی زیاتری جیهانی پێویستن** بۆ ئەوەی بوار بە خەڵکی عیراق بدەن کە بتوانن بە ئارەزوی خۆیان بریار لەسەر ئایندەیان بدەن.
- سەبارەت بە پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەعسیش، نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت دەکاتە سەر کە جیاوازیکردن لە نێوان پێویستییە یاساییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوودا و جێبەجێکردنی کردەنی. یونامی بە بەردەوام جەختیشی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێوێستە ئەم پرۆسەیە بە واڵایی جێبەجێ بکرێت بە شێوەیەك کە لەگەڵ یاسای عیراقیدا تەریب بێت. بۆ نمونە، بە گوێرەی باشترین جێبەجێکردنە جیهانییەکان، یونامی بە توندی ئامۆژگاری حکومەتی عیراقی کردووە سەبارەت بە دوورخستنەوەی هەر قەوارەیەکی سیاسیی عیراقی یان پاڵێوراوێك لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و ئەم ئامۆژگارییەش وەرگیراو و بەمەش بوار دەنگدەران درا کە بە ئارەزووی خۆیان دەنگ بۆ قەوارەو یان کەسە ویستراوەکانیان بدەن.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر هەڵبژاردنی نیشتیمانیی ٢٠١٠ و چالاکییەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق، بڕوانە ماڵپەڕی یونامی لە ***http://uniraq.org*** و ماڵپەڕی ناوەندی هەواڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ***http://www.un.org/apps/news/infocusRel.asp?infocusID=50&Body=Iraq&Body1=***، کە بۆ عیراق تەرخان کراوە.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بڕوانە ماڵپەڕی کۆمسیۆن لە ***http://www.ihec.iq***